# ساڵی مارکس

# ساڵی گەڕانەوەی شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکارە

## نوری بەشیر

دەیەیی رابردوودا لە دنیادا بەردەوام قسە بوو لەسەر لەگەڕانەوەی مارکس و دنیا پێویستی بە مارکسە و مارکس راست بوو و ئێمە دەمانەوێت دنیا بگۆڕین بە وێنەی مارکسەوە.

دەکرا لەو ماوەیەدا باسەکانی مارکس و لەچاپدانەوەی سەرچاوەکانی مارکس لە مانیڤێست و کاپیتاڵ و بیۆگرافی مارکس و دانانی ناوی ئەو لە پێشبڕکێی بیرمەندانی دنیا و روولەسەری خوێندنەوەی سەرچاوەکانی مارکس و شانۆگەری مارکس لە سۆهۆ و فیلمی کارل مارکسی لاوو بەردوام تەرجومەکردنی سەرچاوەکانی بەزمانی جۆراوجۆری دنیا و کاپیتاڵ و مانیڤێست یەکێک لە پڕ فرۆشترین کتێبەکان بوو، کە لاپەڕەی سەرەوەی میدیاکانی دادەگرت.



هەروەها زۆرێک لە کەسایەتی ناودار تا دەگاتە مامۆستایانی زانکۆکان و کەسایەتی کۆمپانیاو بانکە جیهانیەکان باسی کاپیتاڵ و دروستی باسەکانی مارکسیان لەسەر ئابوری و قەیرانەکانی سەرمایەدارییان باسکردووە .

قەیرانێکی سەرمایەداری کە لە ساڵی ٢٠٠٨ وە دەستی پێکردووە و یەخەی سەرمایەداران و دەوڵەتەکانیان و سەرتاپای سیستەمەکەی داگرتووە، بە کردەوە مارکس و تیۆر و باس و رێگا چارەی ئەویان لە لێکۆڵینەوەکان و دانپیانانەکانی ئەزمەو رێگا چارەی شۆڕشگێڕانەی تیۆری مارکس بۆ دنیای سەرمایەداری ساڵی ٢٠١٨ ی بەکردەوە کردە ساڵی مارکس، ئەمە تەنها لەچوارچێوەی میدیاکاندا نەمایەوە وەک ساڵانی رابردوو کە لاپەڕەکانی گاردیان و BBC و ئیکۆنۆمیست و ئیندپێندنت و دەیان میدیای تری جیهانی گرتبۆوە، بەڵکو بە کردەوە بووەتە گفتوگۆیەکی فراوان و پراکتیکی گەورە و نمایشی ئاشکراو روو بەدەرەوە لەچەند مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠١٧ وە تاکو ئێستا.

٢٠١٨/٥/٥ یادی ٢٠٠ ساڵەی لەدایک بوونی مارکسە کە دنیای لەبەردەم چالاکی جۆراوجۆردا داناوە لەوانە؛ لە شاری "ترێر"ی ئەڵمانیا کە لە ١٨١٨/٥/٥ لەدایک بووە هەر لەلاوێتیەوە لەسەر باسە رەخنەییەکانی لە ئەڵمانیا وەدەرنراوەو ماوەیەک لە فەرەنسا و دوایی لە بەلجیکا بووەو،دواتر گەڕاوەتەوە بۆ ئەڵمانیاو فەرەنسا و دواجار لە لەندەن دەگیرسێتەوە و بە ژیانێکی کۆڵەمەرگی و هەژاری خێزانەیەکی و لەگەڵ فردریک ئەنگلزی هاوڕێی درێژە بە کارە سیاسی و ئابوری و کۆمۆنیستیەکانیان دەدەن.



باسی مارکس ٢٠٠ بووەتە گەورەترین باسی ئەو شارەو ئەڵمانیا و جیهان کە لەناوەندی ئەو شارەدا جگە لەوەی کە پەیکەرێکی ٦.٢ مەتری لە برۆنز بۆ کراوەو قەرارە لە ٥ی ئایاردا پەردەی لەسەر لابدرێت وئەم پەیکەرە لەلایەن وڵاتی چینەوە بە هەدیە بۆ یادی ٢٠٠ ساڵەی مارکس ئامادە کراوە و نموونەیەکی تەختەیی پێشتری ئەم پەیکەرە پێشکەش کراوە.

هەروەها لە ١٩ی مارسدا ترافیک لایتی شەقامی ئەو شارەی ئەڵمانیا کە ناوی ترێرەو مارکسی تێدا لە دایک بووە وێنەی مارکس لە ناو ترافیک لایتەکەو لە تراڤیکی سوردا مارکس هەردوو دەستی کراوەتەوەو ئیشارەتە بە وەستان.

هەروەها ئیشارەتی سەوزی ترافیکەکەش بەهەمان شێوە وێنەکەی تێدا دەبینرێت کە وێنەی کتێبی کاپیتاڵەکەی بەدەستەوەیەوەو ئیشارەتە بۆ ڕۆیشتن.

هەروەها وێنەی مارکس خراوەتە سەر پارەی یۆرۆ و ژمارە سفری خراوەتە سەر کە نموونەیەکە بۆ پارەو لەسەرەتاوە پێنج هەزار خراوەتە بازاڕەوە، لەبەر ئەوەی داواکاری زۆری لەسەر بووە بەزویی لەبازاڕدا نەماوە.




ئەم پارەیەی یۆرۆیە لایەن کۆمپانیایەکی سیاحیەوە خراوەتە بازاڕەوە کە قەرارە تا ئاخری ئەم مانگە بیست هەزار دانەی تری لێ چاپ بکرێت و نرخەکەی لەبازاڕدا چۆتە سێ یۆرۆ. ئەم یۆرۆیە بە " یۆرۆی مارکس " ناسراوە و ناوی ئەو وێنەی ئەوی لەسەرە.

جگە لەمانە وێنەکەیان لەسەر موستیلەش بۆ جوانکاری و لەبیرنەکردن بۆ یادی ۲۰۰ ساڵەی هەڵکەندووەو لە دوکانەکانی شتومەکی تۆریستەکان دەفرۆشرێت.

هەروەها لە ۸ تا ی۱۲ مارسیش لە زانکۆی بەرلین ژمارەیەک بەرنامەی جۆراوجۆر ئەنجامدارا.

لە مۆزەخانەی شاری راینی ئەڵمانیا قەرارە ٥ی مانگ نماشیگایەک لەژێر ناونیشانی " ژیاننامە، نوسراوەکان، زمان و بیۆگرافی" مارکس پێشەکەش بکرێت کە زیاتر لە ۱۰۰ دەزگا لە ۱۰ وڵاتی جۆراو جۆرەوە نمایشی شتەکانی مارکس لەو وڵاتانەی کە تێیدا بووە پیشەکەش بکەن.

رێکخەرانی ئەو نماشگایە دەیانەوێت بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و زیندوو چالاکیەکانیان پێشکەش بکەن هەر لە شاری ترێر کە لەدایک بووە هەتا بۆن، بەرلین، پاریس، برۆکسل و لەندەن کە قەرارە ۱۲۰ وتار بێژو کۆنفراس لەخۆی بگرێت.

یورجن هیریس لە بەشی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بەرلین برانبورغ بۆ زانست و مرۆڤایەتی کە سەرنوسەرە لە مارکس – ئەنگلز جیسام توسجابی کە گەورەترین بەرهەمەکانی مارکس وئەنگلز بەزمانی ئەڵمانی و زمانەکانی تر لە ۲۰ ساڵی رابردوودا بڵاوکردۆتەوەو هیریس کاری لەسەر کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە دەستنووسە بڵاو نەکراوەکانی مارکس کردووە.

هەروەها هیریس بۆ دەنگی " شینخوا " وتویەتی لە چەندین ساڵی رابردوودا خوێنەرانی سەرچاوە ئەساسیەکانی مارکس روو لەسەرە و خەڵک بە ئاشکرا لەسەر مارکس و داس کەپیتاڵ قسە دەکەن و رۆژنامەنوسانیش زیاتری لەسەر دەنوسن لە میدیاکاندا.

جگە لەمانە کۆنفراسی ئەکادیمی زۆر لەسەر مارکس و تیۆریەکانی دەکرێت و هێریس تاکیدی لەوە کردۆتەوە کە لەمساڵدا سێ ژیاننامەی تایبەتی لەسەر نوسراوەو لەساڵی داهاتوودا زیاتریش دەکرێت.




هەروەها دەزگای رۆزا لۆکسەمبۆرگ کۆمەڵێک خوێندنەوەی لە کاپیتاڵ رێکخستوەو بەشێوەی رێکوپێک لە قوتابخانەی بەهارەی مارکسدا بەشداری کردووەو لاپەڕەیەکی ئەنتەرنێتی بۆ یادی لەدایک بوونەکەی داناوە بەناوی marx200.com

مارکس لە فیلمە دۆکۆمێنتاری و فیلمەکانی ئەڵمانیادا دەرکەوتوە کە ئەڵمانیا و فەرەنساو بەلجیکا لەگەڵ "مارك كارل ماركس" بۆ یەکەمین جار لە میهرەجانی بەرلینی سینەماییدا لە شوباتی ئەمساڵدا بەشداریان تێد اکردوە. وێنەکەی مارکس لەسەر کارتێکی بانکی باوەڕپێکراو کە لە بانکێکی مەحلی لە کیمنتس دەرچووە کە ناونیشانی "Das Kapital" لەسەرە بۆ فرۆشتن لە گەورەترین کتێبخانەی دوسڵدۆرف هەیە.

وەک رێنسانسێک لەبەرامبەر ئەزمە جۆراوجۆرەکانی چەند ساڵی رابردوودا لە قەیرانی مالی، جیهانگیری، قەیرانی یۆرۆ و هی تردا خەڵک لە تیۆریەکانی مارکسدا دەگەڕێن بۆ تێگەیشتن و بەدوادا چوون بۆ هەولومەرجی ئێستا.

هیریس تاکید لە تیۆریەکانی مارکس دەکاتەوە کە کاریگەری گەورەی لە سەر ئابوری و زانستی کۆمەڵگا و کاریگەری زۆری لەسەر سیستەمی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەڵمانیای ئێستا هەیە.

هەروەها بۆ یادی ٢٠٠ ساڵەکەی لەبەریتانیادا بە شێوەیەکی بەرفراوان لەچەند مانگ لەمەوپێشەوە لاپەڕەکانی میدیاکان لە بی بی سی و گاردیان و ئیندپێندنتی بەریتانی و ئیکۆنۆمیست تا دەگاتە کتێبخانەو لایەنە سۆشیالسیت و زانکۆکان قسەوباس لەسەر ٢٠٠ ساڵەی مارکس و جێگەو ڕێگەی دەکەن.

زۆرێک لە بانک و کۆمپانیاکان جێگای تیۆری مارکس بەرز دەنرخێنن لە قەیرانی ئابوری سەرمایەداری ئەمڕۆدا هەر بۆیە ئیندپێندنتی بەریتانی لە ١٤ی نیسانی ٢٠١٨ دا لە وتارێکدا لە زمانی مارک کارنی ( پارێزگاری بانکی ئینگلتەرە) قسەوباس لەسەر ئەوە دەکات.

وە هەریەکە لە کتێبخانەی مارکس و زانکۆی سەواس چەندین چالاکی و کۆڕو سمینارو نمایش دەکەن کە بۆ ٥/٥ لەئاستێکی فراواندا بەبەشداری دەیان کەسایەتی جیاواز لە گۆشەی جۆراوجۆرەوە لە یادی ٢٠٠ ساڵەی مارکسدا باسی تیۆر و باسەکانی دەکەن.

ڕێکخراوی یونیسکۆ لە نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەروەردەو فێرکردن و رۆشنبیریی- لە کۆنگرەی ساڵانەی خۆیدا لە کۆریای باشوور بریاریداوە کە هەردوو پەرتووکی کەپیتال و مانیفیستی حزبی کۆمۆنیست بکاتە ریزی ئەو نووسراوە کاریگەرانەی کە لە ماوەی سەدەی نۆزدە و بیست گەورەترین کاریگەریان بووە لەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بە دەستکەوتی گەورەی مرۆڤایەتی هەژمار دەکرین.

ئاخرین کتێبێک لەسەر بیۆگرافی کارل مارکس لەلایەن یۆرگن نفە کە لە ٦٠٠ لاپەڕە پێکهاتووە بڵاوبۆوەو تیایدا نوسیویەتی؛ کام بیرمەند لە دنیادا توانیویەتی دڵی خەڵکی گۆی زەوەی وەک مارکس بە قوڵی جێگا داگیر بکات.

لەگەڵ ئەوەی دنیای سەرمایەداری چ بە بازاڕە ئازادەیەکی و سەرمایەداری دەوڵەتیەوە کە هەموو مەرگی مارکس و کۆمۆنیزمیان ڕاگەیاندبوو، ئێستا خۆیان لەسەر گەڕانەوەی مارکس و زەرورەتی دەنوسن. هەروەها وڵاتانێکی وەک چین و روسیاش بایانداوەتەوە بەلای مارکس و ناتوانن جێگاو ڕێگای ئەو لە دنیای هاوچەرخی سەدەی ٢١ و پاش دوو سەد ساڵ بخەنە کەنارەوە.

ئەوە هەر چین نیە پەیکەری گەورەی مارکس دەکاتە دیاری، ئەوە لیژنەی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی روسیاشە بەبۆنەی یادی ٢٠٠ ساڵەی مارکسەوە هەیئەتی ناوەندی ڕاسپاردوە بۆ بەرێکخستنی کۆنفراسی زانستی و عەمەلی نێونەتەوەیی و باقی ئۆرگانەکانی لەسەرتاسەری روسیا کە کۆبووەو سمینار و نمایشگا و شادی رابگەیەنن.

بەڵام بە هەموو ئەو راستی و کارانەی لەسەر مارکس لە یادی ٢٠٠ ساڵەی وتراوەو دەوترێت ،هەموو واقیعەتی جێگاو ڕێگای مارکس و بیرو تیۆری مارکس دەرناخات.

بۆ ئێمە کۆمۆنیستەکان ئەو راستیە، کە باسەکان و کارەکان و تیۆریەکانی مارکس هەم تیۆری زانستی و هەم شۆڕشگێرانەن، ئەو بیرمەندێک نەبوو تەنیا بنووسێت بەبێ ئەوەی شتێک بخاتە بەردەم کۆمەڵگا،بەڵکو ئەو تاکیدی لەوە کردووە کەفەیلەسوفەکانی پێشتر تەفسیری دنیایان بەشێوەی جۆراوجۆر کردووە ، بەڵام گرنگ گۆڕینی دنیایە.

هەروەها ئەوەشی خستۆتە بەردەم کە ئاڵوگۆڕی ریشەیی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری و چینایەتی ئەمڕۆدا بە چینێکی شۆڕشگێرەوە بەستراوەتەوە کە بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا و چەرخەکانی بەرهەمهێنان دەسوڕێنن، ئەویش چینی کرێکاریی وشیارو رێکخراوە لە حزبی چینایەتی خۆیانداو مانیڤێستی حزبی کۆمۆنیستیش بۆ ئەمە نوسراوە.

لێکدانەوە ئابوریە سیاسیەکانی مارکس لە کاپیتاڵدا ئەو رێگایە دەخاتە بەردەم کۆمەڵگا کە سەرمایەداری و هۆکانی بەرهەمهێنان چەندە گەشە بکات و خۆی تازە بکاتەوە بەڵام ناتوانێت لە قەیران رزگاری ببێت چەندەش خۆی سازبداتەوەم دواجار بەهێزی چینی کرێکار دەبێت ژێرەو ژوور بکرێت.

لەکۆتایدا لە یادی ٢٠٠ ساڵەی مارکس و خستنەڕووی دنیا کە پێویستی بە مارکسە و گەڕانەوەی مارکسە، واتە پێویست بوونی ئاڵوگۆڕی دنیا دەگەیەنێت لە دنیای سەرمایەداری ئەزمەگرتووی پڕ لە شەڕو کوشتارو کاولکاری و برسێتی و هەڵاواردن و نەهامەتیەکانی بۆ دنیایەکی ئازادو یەکسان، کە بەدنیایەکی سۆشیالیستی مەیسەر دەبێت، ئەمەش بە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە دەکرێت کە پایەی ئەساسی ئەم ئاڵوگۆڕەش چینی کرێکاریی وشیارو رێکخراوەو جێگاو ڕێگای مارکس لە یادی ٢٠٠ ساڵەی مارکسدا گەڕانەوەی شۆڕشگێرانەی ئەو چینە دەگەیەنێت.

٢٠١٨/٤/٢٨